# کاتێک ژێردەست قسە دەکات

## خوێندنەوەیەکی پاش کۆلۆنیالی بۆ ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)

پ. د. یادگار لەتیف شارەزووری
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی زمان)
( ٢- ٢ )

تەوەری سەرەکی گفتوگۆی نێوان ئەم دوو فیگەرە، کە بەرجەستەکەری پلان و پیلانی کۆلۆنیالیزمی ناوچەییین لەسەر زەمینەی ژیاو، قووڵکردنەوەی هەستی ژێردەستەییە، لێسەندنەوەی یەکجارەکی توانایی دەربڕینە لە خود لەلای ژێردەستە، تێکشکاندنی هۆشیارییەتی، شێواندنی هەستی پاکییەتی. ئەم عەقڵە کۆلۆنیالیزمە ناوچەییە داخراوە، باوەڕی بە هیچ کرانەوەیەک نییە، بێجگە لە بێدەنگکردن، هیچ گوتارێکی تری پێ نییە، بەڵکوو ڕەخنە لەو بزاڤە جیهانییانە دەگرێت کە ڕەوایی بە بوونی چەند ڕەنگی دەدات، بە بوونی دەنگی جیاواز، دان بە مافی نەتەوەکان و زمان و کولتوورییاندا دەنێت: «چەندان جار بەسەر مامۆستا کۆمۆنیستەکانی زانکۆدا قیژاندبووی، چۆن میللەتانی مەزن و گەورەی وەک تورک دەخرێنە ڕیزی ڕەگەزی نزم و عیرقی لاوازەوە! بە درێژایی مێژوویان هەر کۆیلە بوون، ئینتەرناسیۆنالیزم فێڵێکی کۆیلەکانە، تا خۆیان بخەنە ڕیزی ئاغاکانیانەوە».

کاتێک جەنابی ئەتاتورک لە ساڵی ١٩١٤ چووە سۆفیا و گوێی لە ئۆپێرا گرت، تێگەیشت بۆ ئێمەی تورک بەڵکانمان لە دەست دا. عەزیزم، ئەتاتورکی ئێمە پیاوێکی واقیعی بوو، گوتی بولگارەکان ئۆپێرایان هەیە و ئێمە نیمانە، بۆیە شکستمان خوارد، بەڵام ئێستا وەرە سەیری دۆخی نیشتمانی تورکان بکە، من چەند وەختە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەسوڕێمەوە، تورکە کێوییەکانی ئەوێ نەوەک ئۆپێرا، بەڵکوو خاوەنی زمانیش نین، کەسێکیان لە تورکی تێناگات، کۆمەڵێک مەخلووقاتی شێواون تا بڵێی لە ڕووقایمی و گەشەی ئینسانیدا لە دواوەن» (٨).

لەم پرۆسەی هاڕین و وردوخاشکردن و بەپەراوێزکردنەدا، لە هەناوی ئەم تواندنەوەیەدا، لەناو زێدی باوک و باپیرتدا، لە ناو ماڵ و حاڵی خۆتدا، خۆت نامۆ دەبیت بە خۆت، زمانەکەت نامۆ دەبێت بە میوانەکانت، ئەوان دەبنە خاوەن ماڵ. لە ناو شوێنی دانیشتنی تایبەتی خۆتدا

ئەوان دەبنە سەردار و تۆ دەبیت بە بندەست و خزمەتکار، ئەوەندە مافی ژیانت هەیە خزمەت بەوان بکەیت، لەم بازنەیە تێپەڕێت تۆ مافی مانەوەت نییە، خزمەتکردنەکەش دەبێت بە بێدەنگی ڕاپەڕێنیت، نابێت دەنگت لێوە بێت، نابێت بە هیچ زمانێک قسە بکەیت تورکی نەبێت، گەر نووزەیەکیشت لێوە هات، زۆر نامۆ و دوور لە شارستانی دەردەکەویت: «سی و دوو ساڵ لەوەوبەر، کاتێک تاریق ئاکانسو لە کۆتایی مایسی ساڵی ١٩٤٥ ڕەوانەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا کرا، سەرەتا لەسەر گردێکی کەمێک بەرز، لە جێگەیەکی زۆر نزیک لە شاری دیاربەکرەوە، خانوویەکی گەورەی وەرگرت و لە سەری تاپۆکرا. خانوویەکی کۆن، بەڵام تۆکمە و داڕێژراو و بە بناغە، هەموو پێیان دەگوت کۆشک، موڵکی کوردێکی زەنگین بوو، خاوەنەکەی لە شۆڕشی ئاگریداغدا کوژرابوو، دەوڵەت دەستی بەسەر موڵکەکانیدا گرتبوو. (...) لە ماوەی هەفتەیەکدا بە کۆمەکی لەشکر و بە کاری بەردەوامی زیاد لە پەنجا کرێکار، زۆربەیان لە گوندەکانەوە بە پارەیەکی کەم هاتبوون و بە زمانێکی سەیر قسەیان دەکرد، ماڵەکەیان ئاوەدان کردەوە. ... عەلی ئیحسان و ئارسینی برای لەسەر شوورەی نزمی سەکۆکە دانیشتبوون و سەیری کرێکارەکانیان دەکرد کە هەوڵیان دەدا خێرا و ورد بن و زیان بە کەلوپەلەکان نەگەیەنن. کرێکارەکان بێدەنگ ئیشیان دەکرد، گەر زۆر ناچار نەبوونایە و گرفتێک لە ئیشەکەدا نەهاتبایەتە پێش قسەیان نەدەکرد. هەردوو منداڵەکە هەستیان کرد ئەوان لە شتێک دەترسن و بە زمانێکیش دەدوێن ئەمان تێیناگەن. عەلی ئیحسان و براکەی چەند جارێک ویستیان بیاندوێنن، بەڵام



**بەختیار عەلی**

نە ئەوان هیچ تێگەیشتن و نە ئەمان» (٩).

بێدەنگکردن لەناو ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراودا، هەرچەند ڕووبەرەکە بچووک و دیاریکراویش بێت، دەبێتە مایەی نامۆبوونی کەسەکان بە یەکتری، دەبێتە مایەی لەیەک دابڕانی قووڵ بە هەموو ئاراستەکاندا، کە لە دواییدا قووڵتر دەبێتەوە و ئەنجامی پێچەوانەشی لێ دەکەوێتەوە، وەک چۆن ئەم دابڕانەی بە هۆی بێدەنگکردنی ژێردەستەوە، بووە مایەی دابڕانی باوک و کوڕ لە یەکتری، دابڕانی (تاریق ئاکانسو) و (ئەرسین ئاکانسو)ی کوڕی. (تاریق ئاکانسو) لە چوارچێوەی بیرە شۆڤێنییە زەوتکارییەکەیدا، بەدەست ترسێکی دوو جەمسەرەوە دەینالاند، کە بێدەنگکردنی ژێردەستە پێکهێنەری بوو؛ ئەو بڕوای وابوو کۆیلەکان فێری قسە ببن ترسناکن، بەڵام لەوەش ترسناکتر بێدەنگییە قووڵ و تاریکەکەیانە. ئەوە هەرێمێک بوو، ئەگەرچی تاریق ئاکانسو لێی دەترسا، بەڵام خواستێکی تاریک و ترسناکیش بەرەو ئەوێ، بەرەو قووڵایی ئەو نادیارە

ڕایدەکێشا (١٠)، بۆیە پرۆسەی بێدەنگکردنی کورد، کە پێش هاتنی (ئاکانسو) پەیڕەو کرابوو، سەرەڕای ئەوەی ئامانجی باڵای ئەمیش بوو، بووبووە مایەی دڵەڕاوکێ بۆی، دەیگوت نازانم ئەم کوردانە چییان لە ژێر سەردایە، عەقڵیان هێشتا وەک نووسینی هێروگلیفی وایە و بۆم ناخوێنرێتەوە (١١). ئەم دۆخەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ناتوانێت واز لە پرۆسەی بێدەنگکردن بهێنێت، چونکە کرۆکی ئەرکەکەیەتی، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوە و پێخستنی ناو خاکی ئەوانەی ئەم بە ژێردەستەیان دادەنێت، هەستکردن بە نادڵنیایی لەلای زیاتر دەبێت، باشتر بۆی دەردەکەوێت، تاریکاییەکی ترسناک لە ناخیاندا هەیە، نە دەتوانێت پەی پێ ببات، نە دەشتوانێت داگیری بکات: «... کۆیلەکان فێری قسەبین ترسناکن، بەڵام لەوەش ترسناکتر بێدەنگییە قووڵ و تاریکەکەیانە. ئەوە هەرێمێک بوو گەرچی تاریق ئاکانسو لێی دەترسا، بەڵام خواستێکی تاریک و ترسناکیش بەرەو ئەوێ، بەرەو قووڵایی ئەو نادیارە ڕایدەکێشا» (١٢).

بۆیە بووژاندنەوەی هۆشیاریی سوژە بەرانبەر بە گرنگی وتن، بەرانبەر گرنگیی زمان لە ژیان و بوونی مرۆییدا، لابردنی دەمامکی بەزۆر سەپێنراو، دیارترین دەرکەوتەکانی بەدەستهێنانەوەی خودە لەلای ژێردەستەی زمان لێزەوتکراو. ئەم ڕەهەندە لە ڕۆمانەکەدا بە وردی لەلای (زەکی ڕەزا کایلان) دەردەکەوێت، ئەو کاتە هەست بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکات، کە بێ ترس دان بە ناسنامەی کوردبوونی خۆیدا دەنێت: « (... من تەنیا پێم گوتیت تۆ کوردیت. ئەوە شتێکی هێندە گرنگ نییە، لەبیر خۆتی بەرەوە، وەک چۆن ملیۆنانی تر لەبیر خۆیان بردووەتەوە). (من لە بیری خۆمم بردبووەوە، دەمزانی کورد بووم، ... قەبووڵم کردبوو چیتر کورد نیم، نە کوردیم بیستبوو، نە دەمزانی لە کوێ دەژین، نە دەمپرسی عەرد و ئاویان لە کوێیە، بەڵام هەمیشە من مەخلووقێکی ڕاستەقینە نیم، دەمزانی خۆم نیم، دەمزانی ئەو کەسەی دێت و دەچێت دروستیان کردووە. دەمزانی وەک پەیکەرێک وام، دەوڵەت تاشیویێتی، بە زۆر زمانێکی بەسەردا سەپاندووم زمانی من نییە، عەقڵییەتێکی بەسەردا سەپاندووم عەقڵییەتی من نییە، ڕۆحێکی تیا سەوزکردووم ڕۆحی من نییە. سەیرم کە قارداش، من هەر ئەکتەرێکم و بە ماکیاج و جلی نمایشەوە لەدایکبووم. تا تۆم نەبینیبوو دەمزانی چارم نییە، هیچ شتێک دڵی کۆیلە وا خۆش ناکات، وەک ئەوەی بڵێیت چارە نییە با باری خۆم ڕابکێشم. منیش دڵخۆش بووم و دەمگوت چی بکەم، هیچ ڕێگەچارەیەک پێ نازانم، وام دەگوت و وەک ئەکتەر درێژەم بە نمایشەکەی خۆم دەدا. تا ڕۆژێک تۆی مەلعوون بێ ئەوەی مۆڵەتیش وەربگریت، دەرگەی ژوورەکەمت کردەوە و گوتت وەرە پیشانت بدەم چۆن ببیتەوە بە کورد، کاتێک تۆ دەرکەوتیت، زانیم چەکوشێک هەیە، چەکوشێک هەیە، یان دەبێت بیدەم بەسەری تۆدا، یان بیدەم بە سەری ئەو پەیکەرەدا کە هەر سەری خۆمە). ... (عەلی ئیحسان گەر ئەو پەیکەرە نەشکێنم نازانم من کێم، ناتوانم بزانم کێ لە ژێر جلوبەرگی ئەو ئەکتەرەدایە. دەمەوێت خۆم ببینم، خۆم، زەکی ڕەزا، ئەو مەخلووقە نادەوڵەتییە تۆ لە مندا دروستت کردوە)» (١٣).

گەڕاندنەوەی ئەم هەستە، بەدەستهێنانەوەی زمان، قسەکردن پێی، جەهەندەم دەکاتە بەهەشت لەلای خودی هۆشیاری بەرپەرچدەرەوەی

زمانی سەپاوی ئەوی دیکە، لێرە شوێن بەها و ئولفەت لە باری دەروونی کەسەکانەوە بەدەست دەهێنێت: «(شتێکی سەیرت پێ بڵێم، بەشێکی زۆری ئەوانەی لێرەن زۆر دڵخۆشن، بەشێکی زۆریان ئەم جەهەنەمە بە بەهەشت دەزانن، چونکە بە ئازادی زمانەکەی خۆیان قسە دەکەن). زەکی ڕەزا توند سەری ڕاوەشاند و بە دڵنیاییەوە گوتی (دێم بۆ ئێرە... دڵنیام بەختەوەر دەبم، دێم لەم شێتخانەیەدا لە بەیانییەوە تا ئێواران تەنیا قسە دەکەم، قسە دەکەم و هیچی تر، زۆر قسە دەکەم، بە دەنگی بەرز» (١٤).

### ٣- هەنگاوەکانی هاتنە وەڵامی ژێردەست

یەکەمین هەنگاوی هاتنە دەنگی ژێردەست لە ڕۆمانەکەدا، بەرپەرچدانەوەی بێدەنگی سەپێنراو لەلای مامۆستا مەهدی، مامۆستای فێربوونی زمانی کوردی دەست پێ دەکات. لەو کاتەی (تاریق ئاکانسو) دێتە سەر ئەو بڕوایەی کە فێربوونی زمانی کوردی لەلایەن دوو کوڕەکەیەوە، لە جێبەجێکردنی ئامانجە کۆلۆنیالیزمییەکەیدا کارئاسانی بۆ دەکات، بۆیە ناچار دەبێت ڕێگە بدات بە فێربوونی زمانی کوردی: «... لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەوەی دوو منداڵەکە بیریان لێ کردووەتەوە شتێکی خراپ نییە، کارێکی باش بوو لەگەڵ خۆمدا بردمن بۆ زیندان، ئێستا هێدی هێدی حەز لە ئیشەکە دەکەن. ئەوەی هەندێک تورک ئەم زمانە فێرببن، پێداویستییەکی ستراتیژییە بۆ دەوڵەت» ([١٥]).

لە دیمەنێکدا، کە گێڕەرەوە ئاگادارە بە ناخی کارەکتەرەکە، دەتوانێت تیشک بخاتە سەر هەست و نەستی، لە ماڵەوە و لە دەرەوە، لە کاتی پشوو و لە کاردا، دەبینین جەمسەرگیری و بیری سڕینەوەی ئەوی تری بێدەنگ (ژێردەست)، باڵی بەسەردا کێشاوە. ئەم ڕوانگە گشتگیرەی نووسەر بۆ گێڕەرەوەی داناوە، لەم جۆرە دیمەنانەدا، بۆ فراوانی و مەترسی ئەو ئەرکە دەگەڕێتەوە کە بە ئەم جۆرە کارەکتەرانە دراوە، ڕوانگەیەکی وا گشتگیر نەبێت، کە تێڕوانین و خەونبینین و دنیابینی و دەرکەوتەکان کورت بکاتەوە. تەکنیکەکانی تری گێڕانەوەسازی وەک گفتوگۆ، پێویستی بە ڕووبەری زۆرە، کارێکی وا دەکات، لەیەک بەرگی قەبەدا ڕۆمانەکە تەواو نەبێت، پێویستی بە بەرگی دووەم و سێیەمیش ببێت. ئەم درێژدادڕییەش دژ بە پرنسیپی (ئابووری زمانی linguistic economy)ـە، کە تێکستی ئەدەبی لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانی ئامرازەکانی خێرایی کە بە کاتی کەم دوورییەکی گەورە دەبڕێت، کاری پێ دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا دەڵێن وێنەیەک بەهای هەزار وشەیە و کاتێک بیر لە زمانەکان دەکەینەوە، زۆرجار ئەم پێشمەرجە ڕاستە. زۆرجار بە چەند وشەیەک دەتوانرێت مانای ڕستەیەک بگەیەنرێت؛ ڕەنگە ئەوانی تر وەک زیادەڕۆیی و بێزارکەر بن بۆ وەرگرەکان. ئابووری زمانەوانی، یان ئاراستەی کورت دەربڕین؛ بنەمایەکی سروشتی زمانە: بە پشتبەستن بە ئەرکی سەرەکیی پێوەندیکردن، زمان بەدوای ئاسانکاری و کەمترین هەوڵدان لە ئاستی فۆنەتیک، وشەیی، مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازیدا دەگەڕێت. چەمکی ئابووری زمانەوانی (The concept of linguistic economy) وەک یاسایەک لەلایەن زماناناس و فیلۆلۆجی ئەمریکی، جۆرج کینگسلی زیپف - George Kingsley Zipf (1902-1950) پێشنیار کراوە، لە ڕێگەیەوە چەندان بنەمای دینامیکی قسەکردنی خستووەتە ڕوو. زانا (زیپف) گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە

سەختی لە گۆکردنی فۆنێمێکدا دەبێتە هۆی کەمتر بەکارهێنانی لەلایەنی کۆمەڵگەی زمانەوە، بۆ نموونە چەند وشەیەک درێژتر بێت، ئەگەری کەمتر بەکارهێنانی، یان کورتکردنەوەی زیاترە (وەک ماث کە بۆ ماتماتیک بەکاردەهێنرێت و میترۆ بۆ میترۆپۆلیتان – such as math for (mathematics or metro for metropolitan (١٦).

هۆکاری ئەوەی مامۆستا مەهدی بە سەرەتاکانی هاتنەدەنگ و لەڕووداراوەستانی پرۆژەی بێدەنگکردنی هەتاهەتایی زمانی کوردی لە ڕۆمانەکەدا دادەنێین، بۆ هەڵوێستوەرگرتنی دەگەڕێتەوە. ئەو دەمەی بە ڕەسمی ڕاسپێررا زمانی کوردی فێری هەردوو کوڕەکەی بەرپرسی پرۆژەی بێدەنگکردنی ژێردەستە بکات، مامۆستا مەهدی دەستەوەستان دانانیشێت، لە کاتی پێویستدا هەڵوێست وەردەگرێت، دەنگی دەبێت، بە لۆژیک وەڵامی تێزە ناوەندویستییە کەڵەگاییەکە دەداتەوە: «ڕۆژێک تاریق ئاکانسو هەوڵیدا بۆ مەهدی ڕوون بکاتەوە بۆ دەبێت ئەم زمانە بچووکانە نەمێنن، دوای وتارێکی درێژ لەو بارەوە، مەهدی پێی گوت (جەنابی ئاکانسو من نازانم چی بۆ تۆ و بۆ نەتەوەی تورک باشە، بەڵام دەمەوێت لەگەڵتدا ڕاستگۆبم، لە جێگەی هەر وشەیەک لە بیری ئێمەی دەبەیتەوە، ڕقێکی گەورە سەوز دەبێت، ڕقێکی بێدەنگ بەڵام تاریک. تۆ چەند بەهێز بیت، سپاکەت چەند بەهێز بێت، شەڕتان لەگەڵ بێدەنگیدا بۆ ناکرێت، هەر وشەیەک دەتەوێت بیخنکێنیت، لە بێدەنگیدا هەڵدەگیرێت، بێدەنگی هەندێک جار خەزنەیەکی گەورەیە، مرۆڤ دەتوانێت قووڵ هەموو زمانی خۆی لە ناودا بشارێتەوە. هەوڵ مەدە بکەویتە ئەو زەلکاوانەوە، ئەو ڕۆژەی ئێمە ئیدی زمانێکمان نابێت قسەی پێ بکەین، ئیتر نامانبینیت، نە تۆ، نە هیچ کەسێک شەڕی لەگەڵ بێدەنگیدا بۆ ناکرێت، بێدەنگی ناسڕدرێتەوە، بێدەنگی ترسناکە دەتوانێت بتخنکێنێت. ئەو قسانە ئاکانسوی زۆر ترساند، ئەو هەموو شتێکی دەکرد کوردیی لە بیر خەڵک بەرێتەوە، بەڵام لەدوای ئەوەوە چی هەبوو؟ نەیدەزانی» (١٧).

ڕوویەکی دیاری بەدەستهێنانەوەی خود لە ڕۆمانەکەدا، مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی کۆمەڵگەی کوردییە، بە تایبەتی کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردی، کە نەک هەر دێنە گۆ و بێدەنگکردن بەرپەرچ دەدەنەوە، بەڵکوو ژینگەدۆستی و مرۆڤدۆستییەکانی ئەوی دیکەی جیاوازیش دەگرێتەوە. ئەم ڕەهەندە گەش لە گفتوگۆی کارەکتەری کارای ڕاوشکار (ئیمران کارتاڵ) و ڕاوکەرە کوردەکاندا دەبینین، ئەو کاتەی ئیمران هاوکاری تاریق ئاکانسو دەکات بۆ ڕاوکردنی (پڵنگی تینوو)، ئەو پڵنگەی لە شاخەکانی کوردستان بە دیل دەگیرێ و (تاریق ئاکانسو) لە قەفەزێکدا دەینێرێت بۆ پایتەخت (ئەنکەرە): «ڕۆژی دوایی ئیمران کارتاڵ شەو گەڕایەوە بۆ کوخەڵەکەی خۆی، بەر لە نیوەشەو سێ ڕاوکەری کورد چوونە بەردەرگەی، سێ کۆنە دۆستی دێرین. زۆر جار لەگەڵ خۆیان حیسابیان بۆ کردبوو. ئەم ئێوارەیە هەر سێکیان توڕەبوون (ئیمران بۆ واتکرد؟ تۆ دەزانیت ئەو پڵنگە بەرەو لەناوچوون دەچێت، ساڵەهای ساڵە هەموو ڕاوکەرەکان ڕێکەوتووین ڕاوی نەکەین). (وام دەزانی ئەو دەردەی سەربازە تورکەکان بەسەر ژن و منداڵ و گوندەکانی ئێمەدا هێنایان، تۆ بەسەر ئێمەدا نایهێنیت، تۆ چەند ساڵە بە خۆشەویستییەوە سەیری گیانەوەرەکانی ناوچەکە دەکەیت، قەت بۆ ئێمە دوژمن

نەبوویت)٠ (تۆ سوێندت خوارد وەک سەرباز و ژەندرمە و ژەنەراڵە تورکەکان نەکەیت، گیاندار و تەیر و تیوری ئەم مەملەکەتە بگریت و بە دیاری بیانتنێریت بۆ ئیستەنبوڵ و ئەنکەرە)٠ .... بەهانەکانی ئیمران کارتاڵ سوودێکیان نەبوو، شکارچییە کوردەکان دڵشکاو دوورکەوتنەوە و پێیان گوت لەمڕۆوە وەک سەرباز و ژەندرمەکان سەیری دەکەن و لە ڕیزی شکارچییاندا حیسابی ناکەن٠ ئەوە ئیمران کارتاڵی زۆر غەمگین کرد، چاوەڕوانی نەدەکرد گرتنی پڵنگەکە هاوڕێ ڕاوچییەکانی تا ئەو ئەندازەیە تووڕە بکات، پێی خۆش نەبوو کوردەکانی ئێرە حیسابی سەربازانی تورکی بۆ بکەن» (١٨).

لێرە ژێردەست بوونی نییە، تەنیا لە خەیاڵی کۆلۆنیالیزمی ناوچەییدا نەبێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەنگ و ڕەنگ و ڕوانگە و بیر و بۆچوونی مرۆڤدۆستانەی ژینگەدۆستانەی هەیە، ئاخاوتن دەکات، پشت بە بەڵگەی لۆژیکی دەبەستێت لە گفتوگۆکانیدا، لە یەکە کڵاوڕۆشنەوە تەماشای دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان ناکات، بەڵکوو لە پەنجەرەوە دەڕوانێت و دەرگە داخراوەکان دەکاتەوە، بەرانبەر ڕووبەڕووی تاوانی خۆی دەکاتەوە و بە هێمنی دەکشێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

(٨) داگیرکردنی تاریکی: ٣٥ - ٣٨ .

(٩) داگیرکردنی تاریکی: ٣١ و ٣٨ – ٣٩.

(١٠) داگیرکردنی تاریکی: ٢١٨ .

(١١) داگیرکردنی تاریکی: ٢٤٠.

(١٢) داگیرکردنی تاریکی: ٢١٨ .

(١٣) داگیرکردنی تاریکی: ٤٣٢.

(١٤) داگیرکردنی تاریکی: ٤٣٣.

(١٥) داگیرکردنی تاریکی: ٢٠٧.

(16) Idea travslation .Linguistic economy: how to say a lot with a little. October 14, 2022https://ideatranslations.com/2022/10/14/linguistic-economy-how-to-say-a-lot-with-a-little/#:~:text=LINGUISTIC%20ECONOMY%3A%20HOW%20TO%20SAY%20A%20LOT%20WITH%20A%20LITTLE.

(١٧) داگیرکردنی تاریکی: ٢١٨.

(١٨) داگیرکردنی تاریکی: ١٤٦ ١٤٧.